# دیمانەی رۆژنامەی میدیا لەگەڵ بیرمەندی نەتەوەیی  کامیل ژیر

- پیکهینانی دەولەتی کوردی هەموو کاتێ کاتیەتی
- سیاسیەکانمان ئامانجیان دروستکردنی دەولەتی کوردی نیە
- لەناو کوردا ناسیۆنالیزم بە واتا تایبەتە وردەکەی لە ریکخراویکی گەورەی گشتگیردا بوونی نیە
- ئەگەر داهاتی نەوتی هەریم بچیتە بوجەی بەغدادەوە ئەوە ناپاکیە بەرامبەر نەوەکانی ئیستەو پاشەرۆژیشمان
- هیچ نەتەوەیەك ئەوە قوبولناکا  پارەی نەوتەکەی بدرێ بە فرۆکەو بۆمباو بدریتەوە بەسەر خۆیدا
- داگیرکەر تا نەزانبی بۆ داگیرکراو باشترە و ئەو سیاسەتەی مالیکی بۆ جیابوونەوە قازانج بەکورد ئەگەیەنێ
- سیاسەت هونەری ئەفراندنی مومکینەکانە
- زامنی سەربەخۆیی ، خواست و لەدەسنەدانی هەلە
- هەر نزیکبوونەوەیەك لەپایتەختی داگیرکەران ، دوورکەوتنەوەیە لە سەربەخۆیی کوردستان
- هێزی چەکدار بەپلەی یەکەم پاریزەری ئاسایشی نەتەوەییە
- کاتێ دەولەتان پشتگیریمانئەکەن کە بەرژەوەندیان هەبێ لەکوردستان ، یا کورد بەرژەوەندیان بخاتە مەترسیەوە

پرسیارەکانی رۆژنامەی میدیا لە هەولیر ژمارە 515 لە 2012/1/17   :

میدیا – دیمانە

کامیل ژیر ، بیرمەندی نەتەوەیی و سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی لە باشووری کوردستان لە هەڤپەیڤینیکی تایبەتدا لەگەل میدیا تیشك دەخاتە سەر رەوشی سیاسی ناوچەکەو وەلامی چەندین پرسیاری تایبەت بە دۆزی کورد دەداتەوەو شرۆڤەیەکی نەتەوەیی بۆ پرسە پەیوەندیدار و چارەنووسسازەکان دەکات .

- میدیا : ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ لەماوەی رابردوو نەیتوانیوە، ببێتە فاکتەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی؟

+ کامیل ژیر : ئیستا لەناو نەتەوەی کوردا , ناسیۆنالیزم بە واتا تایبەتە وردەکەی و لەریکخراویکی گەورەی گشتگیردا ، بوونی نیە . ئەوەی هەیە ، تیکەلەیەکە لە کوردایەتیەکی کلاسیکیانەو نێونەتەوایەتییەکی ناتەواو و ئاینگەراییەکی وشك . ئەمە خەسڵەتی هەموو پارتە کوردییەکانە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە پارتە چەپەکان و ئاینیەکانیشەوە بیجگە لە سێ پارتی بچووکی وەك یەکیتیی نەتەوەیی کورد لە باشوورو پارتی سەربەستیی کوردستان و پارتی سەربەخۆیی کوردستان لە رۆژهەلات کە ئەوانیش وەك کاژیك و پاسۆك لەرابوردوودا ئاستەنگی زۆریان لەبەردەمدایە بۆ گەشەکردن وگەیاندنی پەیامەکەیان . ئەم دیادەیەش(دیاردەی تیکەلە ئایدیا) بۆتە هۆی سەرلیشیوانی تاکی کورد بە رۆشنبیرو ناڕۆشنبیری ناو ئەو پارتە هەمەرەنگانەوە بەجۆریك کە لە کۆمەڵێك دژیەکیدا ئەیگوزەرێنن ! تۆ سەرنجبدە :بابایەك کە خۆی بەنەتەوەیی ئەزانێ ، عیراقچیتی یا ئیرانچیتی یا جلخواری بۆ تورکیا یا بۆ سوریا ئەکات ! یا کۆمۆنستەو پینج فەرزەکەی ئیسلامیش پەیرەو ئکات ! ئیسلامیەو نەتەوایەتیش ئەکات ودنیایی( عیلمانی )شە ! راستە لە رابوردوودا و ئیستاش هەندیك هەوڵ هەیە بۆ داڕشتنی بیری نە تەوەیی و گەشەکردنی ، بەلام بەهۆی نزمیی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی و هەندێ هۆکاریکەوە ، تا ئیستا ئەنجامدار نەبوون و نەیانتوانیوە ببنە کارکرد(فاکتەر)ی دروستبوونی دەولەتی کوردی . ئەوانە ( تیکەلە ئایدیاکان ) سەرکردایەتیەکانیان هەرلەسەرەتاوە ئامانجیان دروستکردنی دەولەتی کوردی نیە ، هەرچەندە خواستی بنکەکانیان جیاوازە و هەزارانیان لە پیناوی دروشمی یا کوردستان یا نەمماندا شەهیدبوون و ئیستا ئەودروشمە هەر کوردستانەکەی ماوەو نەمانەکەی لێلابراوە .

–کورد زیاتر لەسەدەیەکە خەبات لەدژی داگیرکەرانی کوردستان دەکات، بەلأم ئاکام و بەرهەمی ئەو خەباتەی هێندەی قوربانیەکانی نییە، بۆچی دەگەرێتەوە، سیاسیەکانمان یان ئەوەتا ئینتما بۆ نیشتمان بەم شێوەیە نییە؟

+هەردوو هۆکارەکە . بەلام زیاتر سیاسیەکانمان کە تا ئیستاش ، بەباوەری من ، زاراوەی سیاسیان بەسەردا ناچەسپیت ! کەسیك یا دەزگایەکی سیاسی کە بیەویت رابەرایەتی کۆمەلیك یا نەتەوەیەك بکات ، بەلایەنی کەمەوە ، ئەبێ نەخشەریگای زانستیانەی هەبیت بۆ هەموو ئەگەرەکان ، بە ئەرینی و نە رینی . بەواتایەکیتر ، سیاسەت ئەمرۆ بۆتە زانست و زانای خۆی ئەوێ . قوربانیدانیش مەرجیکی پیویست نیە بۆ گەیشتن بە ئامانج . سیاسەتوانیکی زانا ئەتوانێ بەبێ قوربانیدان ئامانجەکان بەدیبیێنێ . هەر ئەو نەزانینەشە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی سۆز بۆ نیشتمان .

–بەردەوام سیاسەتوانانی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان ئەو قەوانە بەگوێی تاکی کوردا دەدەن، کەزەمینە سازی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی نییە، ئایا کەی کاتی دێت؟

+ئاخر ئەوەیە نەزانینی سیاسەت . راستیەکەی پیکهینانی دەولەتی کوردی ، هەموو کاتێ کاتیەتی . بەلام ئەگونجێ کاتیك لەکاتیکیتر لەبارتربیت . من لەگەڵ ئەو قسەیەدانیم کە ئەلێ "سیاسەت هونەری مومکینەکانە . بەلای منەوە سیاسەت هونەری ئەفراندنی مومکینەکانە . جا ئەگەر هەر هونەری مومکینەکانبێ ، ئەی دەوری سیاسەتوان چیە !؟ گەیشتن بە دروستکردنی دەولەتی کوردیش ، تەنیا لەیەك ریگەوە نیە . ریگە زۆرە . گرنگترینیان لەدەسنەدانی هەلە . دەوری سیاسەتوان بۆ ئەم ریگەیە : ئامادەکاریی پێشەکیە بۆ قۆستنەوەی هەرهەلیکی چاوەروانکراو یا چاوەرواننەکراو لەگەل بوونی خواستی سەربەخۆیی .

–ئۆپۆسیۆن بوونی هەیە لەکوردستان و بە ئاراستەیەکی تەندروستدا دەڕۆن یان بوونی نییە؟

+ئۆپۆزسیون هەموو کاتێ بوونی هەیە لەهەر جیگە یەکی دنیا . بەلام هی کاراو ناکارا، ریکخراوو ناریکخراو ، دروست و نادروست هەیە . جا بۆئەوەی وەلامەکەمان روونتربێ ، با زاراوە کوردیەکە بەکاربینین ، زاراوەی بەرهەلستکار . بەرهەلستکار ، ناوی خۆی بەخۆیەوەیە . واتا ئەبێ بەرهەلستیی دەسەلات بکا بەرامبەر ناتەواویەکانی ، بەرامبەر گەندەلیەکانی ، بەرامبەر هەر کارو هەنگاویکی دەسەلات کە لەبەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەنەبێ .بەکورتی ئەبی حکومەتیکی سیبەربێ بەرامبەر هەر وەزارەت و دامودەزگایەکی حکومی . ئەوەیە بەرهەلستکاری کاراو ریکخراو . بەرهەلستکاری دروستیش ئەوەیە کە کارەکانی لەپیناوی بەرژەوەندیی گشتیدابێ نەك تەنیا گێرەشیوینیبێ یا بە پەنجەی نەیارانی نەتەوە هەلسووڕێ . لە هەموو باریکیشدا ئەبێ بەشدارنەبێ لە دەسەلاتدا . کەبەشداربوو ، لەبەرهەلستکاری دەرئەچیت .

–نێوانی ئۆپۆسیۆن و دەسەڵات بە ئاقارێکدا دەڕوات خەڵکی کوردستان تێیدا زەرەرمەند دەبن...بۆ بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کەیسی خەڵك دەکەن؟

+من ناتوانم ئەو بریارەبدەم . ئەگەر وابن یا وادەرچن ، ئەوا بیگومان ئەبنە بەرهەلستکاریکی نادروست .

– تا چەند کێبرکێی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆسیۆن لە بەرژەوەندی خەڵکە یان تەنیا لەبەرژەوەندی خۆیانە؟

+ کیبرکێی نیوان ئۆپۆزسیۆنیکی دروست و دەسەلات ، هەمیشە لە بەرژەوەندیی دەسەلات و لە بەرژەوەندیی خەلکەو لەهەمان کاتدا لە بەرژەوەندیی ئۆپۆزسیۆنیشە . مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن وەك مەسەلەی موجتەهید وایە . ئەگەر نەیپێکا، یەك پاداشتی ئەبێ . ئەگەر پیکای دوو پاداشتی ئەبێ . پاداشتی دوەمی ئۆپۆزسیۆنیش ئەوەئەبێ لە ئەنجامدا خۆی دەسەلات ئەگریتە دەست.چونکە رەزامەندیی خەلك بە دەستئەهینێ و زۆرینەی ئەو خەلکەش لە هەلبژاردنی ئایندەدا دەنگ بە ئۆپۆزسیۆنیکی لەوجۆرە ئەدەن . بەپیچەوانەوە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنەکە نادروستبوو ، ئەوا خۆیان و خەلکەکەش زەرەرمەند ئەبن . دەسەلاتیش ئەگەر بیانووی ئۆپۆزسیۆن بریت بەوەی چاکسازی بکات ئەوا باوەری خەلکی بەدەست ئەهینیتەوە .

–چاکسازیو نەهێشتنی گەندەڵی کۆتایی بە کێشەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆسیۆن دەهێنێ یان تۆ خوێندنەوەی دیکەت بۆ ئەم پرسە هەیە؟

+به رای من ، نابێ لەنیوان ئەو دوو توخمەدا کیشە هەبێ . بەلکو ئەبێ لە نیوانیاندا کیبرکی هەبێ بۆ دۆزینەوەو گرتنەبەری ریگاکانی چاکسازی . ئەگەر دەسەلات دەسپیشخەربوو لە چاکسازی و نەهیشتنی گەندەلیدا ، ئەوا جاریکیکەش وەك پیشتر وتم باوەری خەلك بەدەست ئەهینیتەوە . پیچەوانەکەشی ، لە بەرژەوەندیی ئۆپۆزسیون ئەبێ .

–کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق تا چەند رەوشی عێراق بەرەو ئالۆزی دەبات؟

+ راستیەکەی ، ئەوەتی عیراق عیراقە هەمیشە لە رەوشیکی ئالۆزدابوە . هۆی ئەوەش ئەوەیە عیراق لە تیکە لەیەکی ناسروشتی و نەگونجاو دروستبوە . ئیستاش بە کشانەوەی ئەمریکا ، رەوشەکە زیاتر ئالۆز ئەبێ . چارەسەریش تەنیا دابەشکردنیەتی . هەر هەولیك بۆ دریژەدان بەم بوونەوەرە ناسروشتیە ، بە زیان ئەشکیتەوە بۆ هەموو پیکهاتە کانی عیراق بە گشتی و بە کورد بەتایبەتی .

–ئەو سیاسەتەی ئەمڕۆ مالیکی پەیرەوی دەکات، زەرەر بەکورد دەگەیەنێ یان قازانج بەوەی کورد بڕیاربدات جیابێتەوە؟

+من مالیکی بە سیاسیەکی زرنگ نازانم . ئەویش لەسیاسەتدا سەرنەکەوتوە . دۆست و دوژمنی خۆی لەیەك جیاناکاتەوە ، ئەیەوێ لە یەك کاتدا گورزی گرانی خۆی لە هەموو لایەك بسرەوینێ ! ئەویش دەرگای والاکردوە بۆ گەندەلی . وەستانەوەی لەدژی فیدرالیەکان ، لە نەزانینەوەیە . راستە بەپێی بنەماکانی دیموکراسی ئەبی زۆرینەی پەرلەمان حوکم بگریتە دەست ، بەلام ( راستیش)جیگەو کاتی خۆی هەیە . ئیستا کاتی ئەوەنیە ئەو باس لە زۆرینەی پەرلەمانبکات ! ئیتر داگیرکەریش تا نەزانبێ بۆ داگیرکراو باشترە ، بۆیە ئەو سیاسەتەی مالیکی قازانج بە کورد ئەگەیەینی بۆ جیابوونەوە .

–بیری عێراقچیتی لەناو رۆح و مێشکی گەنجان بە بەرنامە دەچەسپێندرێ، ئەوە تا چەند کاریگەری لەسەر دورخستنەوەی گەنجان دەبیت لە بیری نەتەوەیی ؟

+کاریگەرییەکی خراپ و زۆر . دەرزیی سڕکەری عیراقچیتی جیاوازیەکی لەگەڵ دەرزیی سرکەری شیوعیتی و وشکە ئاینی نیە .

–کێسی تارق هاشمی و دالدەدانی لە باشووری کوردستان لەلایەن دەسەلاتدارانەوە، لەرووی یاسایی و سیاسی شرۆڤەی چۆن بۆ دەکەیت؟

+لە رووی یاساییەوە ، دروستنیە دالدەی هیچ داواکراویك بۆ دادگا بدرێ . لەرووی سیاسیەوە ئەکرێ وەك پەنابەریکی سیاسی مامەلەی لەگەل بکرێ .

–پۆست و پارە و ئەدای خراپی بەرپرسانی کورد لە بەغدا هیچ دەستکەوتێکی نەتەوەیی نەبووە، لە گەڕانەوەی بستە خاکێك و جێبەجێکردنی ماددەی 140 راتان لەم بارەیەوە؟

+ بەرای من ، هەر نزیکبوونەوەیەك لە پایتەختی داگیرکەرانە وە ، دوورکەوتنەوەیە لە بەرژەوەندی و لە سەربەخۆیی کوردستانەوە . پێدانی پۆست بەکورد ، دیاردەیەکی تازەنیە . لەدروستبوونی عیراقەوە ئەو دیاردەیە هەیەو دەسکەوتیکی نەتەوەیی بۆکورد نەبوە . گیرانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانیش بە مادەی 140 ناکریت . لەبارودۆخی ئەمرۆدا ، ئەو ناوچانە بەبریاری پەرلەمانی کوردستان و بریاری ئەنجومەنی ئەو ناوچانە دەگەریتەوە سەر هەریمی کوردسئتان وەك پیشتر لە وتاریکدا بە بەلگەی یاساییەوە روونم کردبوەوە . ئەو وتارە لەرۆژنامەی هەوالدا بلاوکراوەتەوەو لە سایتی کونگرەی نیشتمانیی کوردستان و سایتی ئەمرۆدا–مالپەری کامیل ژیر پاریزراوە .

–ئاسایشی کورد پارێزراو نییە لەکاتی ئێستادا، سەرکردایەتی کورد چی بکات بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان؟

+ئاسایشی نەتەوەییمان بە پلەی یەکەم بە هیزی چەکدارو چەکی قورس و کاریگەر ئەپاریزریت . ئەرکی سەرکردایەتی هەریمە بەزووترین کات سوپای بەرگریی کوردستان پیکبینیت بەهەر ناویکەوەبی و پرچەکی مۆدیرنی بکات و مەشقی دابدات . ئیستا بوجەی هە ریم ئە وەی تیائەبێ . پاراستنی ئاسایشی کورد ئەوەندەی نان و ئاو پیویستە بۆ کورد . . ئیتر با بەسبێ بەیتوبالۆرەی برایەتی و پیکەوەژیان و ئەو مافی مرۆڤەی دەنگی هەیەو رەنگی نیەو ئیتر با ئەوەندە روو لە بەغداد نەکەین و پشتبە پیکهاتن(توافق) نەبەستین و خۆمان بە دەستوری عیراقەوە ماندوونەکەین .ئەوانە دوورمانئەخاتەوە لەچارەسەری کیشە گەورەکەمان .

-ئەمریکا بەقسە هەر دەڵێ هاوپەیمانی کوردم، کەچی لە واقیعدا تا ئێستا هیچی بۆ کورد نەکردووە، پشتی تێکردووینە، یان لەداهاتوو بەتەواوی پشتمان تێدەکات، یان پشتگیریمان دەکات؟

+پشتگیریی ئەمریکا یا هەر زلهیزیکیتر بۆ کورد زۆر گرنگە . بەلام ئەبێ ئەوە باشبزانین ئەوانە لە راهی خوادا نابنە هاوپەیمان و پشتگیرمان . ئەوانە ئەشێ بە دوو ریگە هاریکاریی کوردبکەن :

1–کاتیك بەرژەوەندیان ئەبێ لە کوردستاندا .

2–کاتیك کورد بەرژەوەندیەکی گرنگیان بخاتە بەر مەترسیەوە یا لەدەستیانبدات .بۆ نموونە : ئەگەر داخوازییەکانی کورد لەلایەن کۆمەلگەی نیودەولەتییەوە هەروا پشتگوی بخریت و هەموو سامانیکی نەتەوەییمان تالانبکریت ، نابێ کوردیش بهیلێ نەوتەکەی کەرکوك بۆ بەرژەوەندیی داگیرکارانی بگاتە سەردەریا . ئەوەش کاریکی ئاسانە چونکە بۆریە نەوتەکان بەناو کوردستاندا ئەروات !

لەلایەکیکەوە کارتی نەوتی هەریم زۆر گرنگە ، ئیستا هەموو دنیا , بە زلهیزەکان و ولاتانی دەوروبەریشەوە چاویانبریوەتە نەوتی کوردستان . کورد ئەبێ زیرەکانەو زانایانە هەلسوکەوت بەو نەوتەوە بکات . ئەبێ سەروەریی تەواوی خۆی بەسەر ئەو نەوتەوە رابگەیەنێ. نابێ بەهیچ جۆریك ریگەبدا بە بەغداد دەست بخاتە وردەکاریی ئەو نەوتەوە . ئەبێ داهاتی ئەو نەوتە تەنیا بۆ حکومەتی هەریمبێ . نابی گوێبداتە هەیتوهاواری بەغداد . ئەگەرداهاتی نەوتی هەریم بچیتە بوجەی عیراقەوە ، ئەوا دەرهینانی ئەو نەوتە ئەبیتە ناپاکیەك بەرامبەر نەوەکانی ئیستەو

داهاتووشمان و لەباریکی وادا دەرنەهینانی چاکترە لە دەرهینانی . لەپایچی لە 83٪ نەوتی ئیمە بۆ ئەوانبێ!؟ چ نەتەوەیەك ئەوە قبوولئەکات و لەئەنجامیشدا پارەی ئەو نەوتە بدریتەوە بە فرۆکەو بۆمباو بدریتەوە بە سەری خۆماندا

–لەسەردەمی جیهانگیری ، دەلین ناسیۆنالیزم پاشەکشەی کردووەو شتێك نەماوە بەناوی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵکو ئابووری جیهانی جێگەی هەمووی گرتۆتەوە، راتان چییە؟

+ناسیۆنالیزم کە بە واتای نەتەوایەتی دیت , لەگەل نەتەوەدا دروستبوەو هەتا نەتەوەش بمینێ نەتەوایتی هەر ئەمینێ . بۆچی شتیك نەماوە بەناوی دەولەتی نەتەوەییەوە !؟ کام لە نەتەوەو دەولەتەکانیدنیا وازی لە شاریکی یا گوندیکی یا بستە خاکیکی خۆی هیناوە ؟ کامیان وازی لە زمان و کلتووری نەتەوەیی خۆی هیناوە ؟ جیهانگیری بۆ نەمانی نەتەوایەتی نیە . جیهانگیری بەپلەی یەکەم بۆ مەبەستی بازرگانیە . نەمانی ڤیزە یا دراوی هاوبەش یا بازاری هاوبەش لەنیوان هەندێ ولاتی ئەوروپیدا ، لەلایەك بۆ کارئاسانی بازرگانیەو لەلایەکیکەوە بۆ راوەستانە بەرامبە دیوەزمەی ئەمریکا . بە پیچەوانەوە ، لە سەردەمی جیهانگیریدا چەندین دەولەتی فرەنەتەوە ، لەیەکترازاو هەلوەشایەوەو هەر نەتەوەیەو دەولەتی نەتەوەیی خۆی راگەیاند . ئەم خەیالە جاران لە سەری مارکسیەکاندابوو کە گوایە ئەنجامی مرۆڤایەتی هەر نەمانی جۆراوجۆریی نەتەوەکانە !! کەچی ئەنجام نەمانی خۆیانبوو و نەتەوایەتیش هەر بەزیندویتی مایەوە .

–لەماوەی یەك سەدەی رابردوو کورد نەیتوانی ببێتە خاوەنی دەوڵەتی کوردی، ئەمە کەی دەبێت؟

+لەو ماوەیەدا هەندیك هۆکار هەبوو کە بوونە ئاستەنگ لەبەردەم دروستبوونی دەولەتی کوردیدا . لەوانە :

أ– پەیمانی سایکس بیکۆ کە کوردستانی بەوجۆرە دابەشکرد.هەروەها پەیمانی لۆزان کە بەدوای پەیمانی سیڤەردا هات .

ب– دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوك کەئنگلیز لە پیناوی ئەو نەوتەدا ولایەتی موسلی لکاند بە عیراقی عەرەبیەوە بۆ ئەوەی لەلایەك کەرکوك لەژیر چنگی تورك دەربینێ و لەلایەکیترەوە عەرەب بکا بەپۆلیسی پاسەوان بەسەر ئەو نەوتەی کوردەوە تا بەئاسانی سود لەو نەوتە وەرگریت .

ت– سەرهەلدانی بیرۆکەی مارکسی و پیکەوەژیان و گۆرینی ستراتیجی سەربەخۆیی بە دروشمی ئۆتۆنۆمی یاخودموختاری بۆ کوردو دیموکراتی بۆ عیراق و ئیران و تورکیاو سوریا ! هەروەها فرۆشتنی کۆماری کوردستان لەلایەن سۆڤیتەوە بە رژیمی پەهلەوی لە پیناوی پشکیك لە نەوتی ئیراندا !

پ– پشتگیریی یەکیتیی سۆڤیت بۆ رژیمەکەی ئەتاتورك لەدژی شۆرشەکانی کورد . هەروەها هەلوەشاندنەوەی کۆماری کوردستانی سوور لە لایەن ستالینەوە لەسەر داوای ئەتاتورك .

ج– پەیمانی جەزائیر کە بوە هۆی هەرەسی شۆرشی ئەیلول .

ئیستا کاریگەریی ئەو هۆکارانە نەماوە . دەولەتە هەریمیەکانیش ، هەر یەکەو بە دەردیکەوە ئەنالینیٚ . عیراق لە گیانەلەدایە ، ئیران و سوریا نزیك کەوتنن ، تورکیا لەلایەك سۆڤیتەکەی جارانی نەماوە لەلایەکیترەوە ئەمریکاش ئیستا تەنیا کاتی لەگەلدا ئەباتە سەر ، لە لایەنی سێیەمەوە بەدەس پەکەکەوە ئەنالینیٚ ، چوارەمیش ئیستا تورکیا بەرژەوەندییەکانی لە باشووریکی کوردستانی سەربەخۆدایە ئەگەر وەك کەری دێز مردنی خۆی و زیانی ئیمەی نەویت .ئەوەشی بویت ، یاساو کۆمەلگەی نیودەولەتی ریگەی نادات دەسبگریت بەسەر ولاتیکیتردا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیندووبکاتەوە ، هەر هاتیش هەموو تاکیکی کورد ئەبیٚ بە بۆمبیك و پیایدا ئەتەقیتەوە ، خۆ ئەو لە ئەمریکا زیاتر نیە کە بەو جۆرە تەقینەوانە لە عراق هەلهات.

کەواتە ئیستا باشترین کاتە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان .

–لەماوەی رابردوو لە دیمانەو لێدوان و وتارەکانت هانی کوردت داوە کە زاوزێی زۆر بکەن، پێت وایە زۆربوونی کورد ببێتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی، خۆ نەتەوە هەیە 100 هەزار کەسەو دەوڵەتیان هەیە، ئێمە زیاتر لە 40 ملیۆنین و دەوڵەتمان نییە؟

+من بەو سادەوساکاریە نەموتوە زۆربوونی کورد ئەبیتە هۆی دروستبوونی دەولەتی کوردی ! قسەکە ئاویتەیە بە گەلیٚ چەمك و لایەنەوە کە وەك پرۆژەیەکی پڕ نموونەو پڕبەلگە بلاومکردۆتەوە . ئەو پرۆژەیە مشتومری زۆری لەسەرکراو لەسایتی ئەمرۆدا هەمووی پاریزراوە . بەتەمام بیانکەم بە نامیلکەیەك . گەوهەری پرۆژەکەش بەکورتی بەمجۆرەیە :

لەورۆژەوە سەلاحەدینی ئەیوبی سەلیبیەکانی لە فەلەستین راوناو کوشتاری لیکردن ، رۆژئاوا ویستویتی تۆلەی ئەوە لەکورد بکاتەوە . یەکەم گورزیٚ کە لەکوردیدا ، دابەشکردنی کوردستانبوو بە جۆریك کە کورد ببیتە کەمینە لە ولاتە سەردەستەکانیدا تا بەشی کۆیلەیەتی و کوشتنبیٚ . هەر بەهۆی ئەوەوە کە کەمینەیە ، بەئاشتی و لەبەردەم سنووقەکانی دەنگداندا دۆراوئەبیٚ . بە شەڕیش دەرەقەت نایەت .جا بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە ، بەپێی ئەو پرۆژەیە ، کورد ئەبیٚ خۆی بکابە زۆرینە . بۆ ئەوەش باشترین شوین عیراقە کە بەهۆی بوونی قەوارە کوردیەکەوە ئەکریٚ چەند ملیۆنیك کوردی پارچەکانیتر لە هەریم نیشتەجیٚکات و هانی زاووزێی زۆر بدات و تەنانەت هانی فرەژنیش بدات تا کورد ئەبیتە زۆرینە لە عیراقدا . ئەوسا ئەتوانیٚ بەئاسانی ، لەریی هەلبژاردنەوە یابە هەر ریگایەگ دەسەلاتی عیراق بگریتەدەست و بیکات بە هۆکاری رزگارکردنی پارچەکانیتر .

ئەم پرۆژەیە بەرامبەر ئەگەریکە کە کورد هیچ دەرفەتیکیتری نەبیت بۆ سەربەخۆیی .ئەگینا ئەگەر بەریگەیەکی خیراترو ئاسانتر سەربەخۆیی بەدەسخات باشتر . کەچی چەند کۆمۆنستیك خۆیانلیکردم بە پیشکەوتنخوازی ئەوەڵباب و کەوتنە دژی پرۆژەکە . ژمارەیەك رۆشنبیریش پرۆژەکەیان بەرزنرخاند .

–گەشەنەکردن و بەردەوام نەبوونی پارتە نەتەوەییەکان و پەلنەهاویشتنیان بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان و زۆربەی پارتە نەتەوەییەکان زوو توانەوە و نەمان وەك کاژیك و پاسۆك ، هۆکارەکەی سەرکردەکانی ئەو پارتانەن یان بەرنامەکەیە یان هۆکاری دیکە هەیە؟

+سەرکردەکانی ئەو ریکخراوە نەتەوەییانە ، ئەگەر لە سەرکردەکانی یەکیتی و پارتی چاکتر نەبووبن لە هەموو روویەکەوە ، خراپترنەبوون . بەرنامەکەشیان هەر بەوجۆرە . کەواتە هۆکاریدی هەبوە  کە بەکورتی ئاماژەی بۆدەکەم :

لەو سەردەمەدا بیرۆکەکانی ئاینی و مارکسی زالتر بوون بەسەر بیرۆکەی نەتەوایەتیدا .کورد ئاینیکی تایبەتی خۆینەبوو تا وەك عەرەب و جوو بیخاتە خزمەتی خۆیەوە . بیرۆکەکە جگە لەوەی خۆی زۆر ترسناکبوو لەو رۆژگارەدا زۆریش بەربەرەکانی ئەکرا لەلایەن شیوعی و پارتیەوە سەرباری حکومەت . شۆرشی ئەیلول کاری کاژیکی سستکرد چونکە  گەنجەکان  بەزۆری رووبانکردە ئەو شۆرشە . جگە لە ئابوونەیەکی کەمی ئەندامان هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نەبوو .. لەگەل گەلیٚ هۆکاریکەدا کە لیرەدا ئەو مەودایەماننیە دریژەی  پیٚبدەین . لەپەرتووکی (کوردایتی بیرو بزاڤە)دا بەدریژی لەو روەوە دواوم .

–کاژیك و پاسۆك بۆ تۆ چی دەگەیەنن ؟

+دوو گولی گەش لە لالەزاری خەباتی نەتەوەییماندا . پیٚشمواێە  بیروباوەرەکانی ئەو دوو ریکخراوە هەمیشە چراوگی ریگەی ئازادی و بەختیاریی کوردو سەربەخۆیی کوردستان دەبیت  . ئەو بیروباوەرانە هەمیشە زیندوون و ئیستا لە هزرو پینووسی هەزاران رۆشنبیری کوردا ئەدرەوشینەوە و گەشە دەکەن .

–رەوەندی کورد و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سیاسی و رۆشنبیرو ولاٚتپاریٚز لە دەرەوەی کوردستان، تا ئیٚستا چی کردووەو دەستکەوتی چی بووە، توانیویەتی پالٚپشتی ولاٚتان پەیدا بکات؟

+بەشیك لە رۆشنبیرەکانی رەوەندی کورد ، لە ریگەی پینووسەکانیانەوە دریغیان نەکردوە . پالپشتی ولاتان بەوان پەیداناکریت . وەك پیشتر وتم : پالپشتی ولاتان کاتیك دروستئەبیٚ کە بەرژەوەندیان لە کوردستاندا هەبیت یا کورد بەرژەوەندیان بخاتە مەترسیە وە .

–خویٚندنەوەت بۆ رەوشی پارچەکانی دیکەی کوردستان : باکوور و رۆژئاواو رۆژهەلات چییە؟

+ ئیستا لەبارودۆخیکی خراپدان . لە باکوور بەهۆی خۆراگریی پەکەکەو ریکخراوەکانیکەی سەر بە پەکەکەوە ، پیشکەوتن هەیەو چاوەروانی پیشکەوتنی زیاتر ئەکریت . لە روژئاوا هەل لە بارئەبیٚ بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی لەکاتی کەوتنی رژیمەکەی ئەسەددا  ئەگەر ریکخراوە کوردیەکانی لە ئیستاوە خۆیانی بۆ ئامادە بکەن . لە رۆژهەلات با لەوەزیاتر خۆیان بە دروشمی خودموختارییەوە نەبەستنەوەو حیزبە کوردیەکانی هەوار لە باشوورەوە بگویزنەوە بۆ ناو جەماوەرەکەی خۆیان لە رۆژهەلات و  لەگەل کەوتنی رژیمی مەلاکاندا  سەربەخۆیی خۆیان رابگە یەنن .

–ئەگەر هەندیٚ پرسیاری کەشت لیٚ بکەین، سەرەتای کاری سیاسیت بە شیوعیەت لە 1948 وە دەستت پیٚکرد دوایی پرژایتە سەر بیری نەتەوەیی ئەمە بۆچی؟

÷ راسته من له 1948تا1958 لەریزەکانی  حیزبی شیوعیدا بووم ، بەلام هەرگیز بە بیروباوەر شیوعی نەبووم . سالی 1948 مندالیکی تەمەن 14سالبووم و بیئەوەی بزانم شیوعیتی چیە ، بە چاولیکەریی زڕمامەکانم چوومە ریکخراوی کریکارانی سەر بە حیزبی شیوعیەوە و پاشتر بۆ ناو حیزبەکە . لەسالی 54 تا 58 بەردەوام یا زیندانی یا دوورخراوەی سیاسیبووم  مەگەر بە دەگمەن هەندێ مانگ بە ئازادی بمگوزەراندایە ، بۆیە بواری قوولبوونەوەم لە بیروباوەرەکە نەبوو . تەنیا وامئەزانی کە کورد لە ریگەی شیوعیتیەوە رزگاری ئەبیت ! بەلام کە لە 58دا دەستەکەی حیزبی شیوعی ئاشکرابوو ، دەسبەجێ وازم لیهینان و  چوومە سەر بیری نەتەوەیی .

–سالی 963 حاکمی عەسکەری گشتی ئەوسای عێراق بەناوی رەشید موسلیح فەرمانی گرتنتیدا بە بیانووی ئەوەی ئۆتۆمبێلت بۆ شۆرش و مەلا مستەفای بارزانی کڕیوە، ئەم رووداوە چۆن بووە؟

+ لە پەرتووکیکمدا بە دریژی ئەو باسەم کردوە . زۆر گرنگنیە . گرتنەکەم لەسەر راپۆرتی حەرەس قەومیەکی ناو ئەو کۆمپانیایەبوو کە لە بەغداد کارم تیائەکردو بەریوەبەرە گشتیەکەی خوالیخۆشبوو رەشید عارفبوو . راستیەکەی ئۆتۆمبیلەکە بە پارەی رەشید عارف کررا .

–دادوەری شۆرشی ئەیلول بوویتە لە سالانی 1974–1975 لە بریارەکانتان پشتان بەچ یاسایەك دەبەست ؟

+ هەر بە یاساکانی عیراقی .

–سالّی 2012 هەموو پێشبینی دەکەن کورد ببێتە دەوڵەت، خوێندنەوەو پێشبینی تۆ چییە؟ بۆ ئەم سالّ؟

+شەکرم نایە دەمت.بەهیوام وابێ.دامەزراندنی دەولەتی کوردی ئەگەریکە ئەشێ لەهەر کاتیکدا بیتە ئەنجام. .گۆرانەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست  بەخیرایی گوزەرئەکەن .ئیستا دەولەتی کوردی لەبەرژەوەندیی زۆر لادایەو دنیایش بۆتە دنیای بەرژەوەندی . گرنگ ئەوەیە دەسەلاتی کوردیش لەئاستی ئەم هەلومەرجەدابیت . کارە هەنوکەییەکان بەخیرایی ئەنجامبدات کە بریتین لە : بنەبڕ کردنی گەندلی ، یەکخستنەوەی وەزارەتەکان بەراستی نەك بەرووکەش ، کۆتاییهینان بە جیاکردنەوەی بووجەی زەردو بوجەی سەوز ، یەکخستنی دەزگاگانی پیشمەرگەو ئاسایش و...هتد

–ئێستا وەکو سەرۆکی گۆنگرەی نیشتمانی کوردستان–باشوور کار دەکەن؟

+بەلّێ .

–دواوتەتان و سەرنجتان لەسەر رۆژنامەکەمان و مالپەرەکەمان چییە؟

+ئیستا لە باشووری کوردستان ، هەر ئەو دوو تروسکەیەمان لە ئاسۆی نەتەوایەتیدا بەدیئەکریت . بەهیوام هەمیشە لە گەشەسەندنابن . ئەوەندەی توانای خۆتان دریغیتان نەکردوە .

پرۆفایل  :

کامیل ژیر – 1934– لە  سلیمانی لەدایکبوە

پاریزەرو دادوەربوە لە شۆرشی ئەیلول

لە دامەزرێنەر و سەرکردایەتی کاژیکبوە

ئەندام مەکتەبی سیاسی پاسۆکبوە

سەرۆکی کۆمەلەی یاساناسانبوە لە سلیمانی

سەرپەرشتیاری گۆڤاری هیوا و رۆژنامەی سەربەخۆییبوە

12 بەرهەمی چاپکراوی لەبوارەکانی ویژە ، سیاسەت ، یاسا ، شانۆ و هۆنراوە هەیە

ئیستا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیە لە باشووری کوردستان